### هونەرمەند چۆپی فەتاح

# دەنگێکی باشی شارەزا و بەهرەدار دەبێتە هۆی سەرکەوتنی گۆرانییەکە

**چۆپی خان لە ساڵی ( 1983 ) لەشاری کەرکوك لە دایك بووە، تەمەنی هێشتا سێ ساڵ بووە، کاتێك کە ڕژێمی بەعس، خەریکی بەعەرەبکردن و ڕاگوێزانەوەی خەڵکی کورد بوو لەو شارە دلێـرەدا، بە ناچاری ئەو شارەی بەجێهێشتووە. پاشان لە وڵاتی هۆڵەندا جێگیر دەبێ و ژیانی لەگەڵ دووبرای و دایك وباوکی درێژە پێدەدا، لە تەمەنی حەوت ساڵیدا دەچێتە گروپێکی کـۆراڵ لـە هۆڵەنـدا، لەگەڵ ئەم گروپەدا کە زیاتر لە ( 20 )منداڵ دەبن، بە سەرپەرشتی مامۆستایەکی هۆڵەندی فێری گروگاڵی میوزیك وگۆرانی وتن دەبێت. لە تەمەنی ( 13 )ساڵیدا دەچێتە قوتا بخانەی دەنـگ لـە هۆڵەندا بۆ ئەوەی بتوانێن بەشێوەیەکی زانستییانە شارەزایی لەو بوارەدا پەیدا بکات، لەوێ زیاتر لە هەوڵی ئەوەدا بووە تۆنەکانی پاك بکاتەوەو هەندێك لەسەرەتاکانی ئەو زانسـتە فێربێـت، بۆ ماوەی دوو ساڵ لەو قوتا بخانەیەدا بەردەوام دەبێت و پاشان ساڵێك دەرسی میوزیکی دەخوێنێ ( کیبۆرد ) . لە تەمەنی ( 16 ) ساڵیدا لە ڕێگەی هونەرمەند خـوادەوە کـە ( سـترانبێژێکی بـاکووری کوردستان )ە لە گەڵ ( کۆما بەرخودان ) ئاشنا دەبێ و دواییش دەچێتە ئەکادیمی کوردی لە ئەڵمانیا و هەر لەوێش بە مامۆستا وریا ئەحمەد ئاشنا دەبێت و یارمەتی زۆر دەدرێت تا دەچێتە( medya tv ) بۆ یەکەم جار لە پرۆگرامی شانشین بەشداری دەکات کەبەرێز بەرزان شاسوار پێشکەشی دەکرد. ئینجا بەهاندانی هونەرمەندی بـەرێز ئاوازدانـەری بـەتوانا( بورهـان مـوفتیزادە ) دەکەوێتـە کەڵکەڵی ئەوەی کە بەرهەمێکی ( CD ) دەربکات. یەکەم بەرهەمی چۆپی ( چیت ناوبنێم ) کە ( 9 ) گۆرانی لەخۆ دەگرێت چوار گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەندی بەرێز بورهان موفتییە. سەرەڕای ئـەو بەرهەمەی چۆپی خان زیاتر لە ( 30 ) گۆرانی لە تەلەفزیۆنە کوردیەکان تۆمارکردووە و ئێستاش خەریکی بەرهەمی دووهەمیەتی.**

**دیمانە : بەهرەوەر مەرزانی**



**پ/ ئـەمڕۆی هونـەری گـۆرانی کـوردی چۆن دەبینی؟**

و/ مـن ئـەو شـارەزایە نـیم هەڵسەنگاندنێکی لەو جۆرە بکەم، بەڵام دەبینم هونەرمەندانێکی زۆر هـەوڵێکی بەردەوام دەدەن بۆ ئەو مەبەستە، ئەوە جێی خۆشحاڵیە، لە لایەکی دیکەوەش کەموکوڕی هەیە و دەکرێ باشتر بێت.

**پ/ سـەرکەوتنی گـۆرانی لەچـیدا دەبینی؟دەنگ ، هۆنراوە ، یا ئاواز ؟**

و/ جوان بـۆی چـووی، بـەڵام بەشـێکی گرنگت بیرچوو، بەگوێرەی پێوەرەکانی گـۆرانی، دەبێـت بـە چـوار بەشـی سەرەکییەوە.

1- تێکست 2- ئاواز 3- میوزیك 4- دەنگ

من بۆ هەر بەشێك 25٪ی بۆ دادەنێم.

گەر گۆرانیبێژ بیەوێت گۆرانیەك بەرهەم بێنێت، لەتێکستەوە دەست پێ دەکات، هەندێ کەس بەهەڵبەست یا پەیڤ یا شیعر یا شتێکی تر ناوی دەبەن، عەرەب بە کەلیمات ناوی دەبات، هەقیانە چونکە، هەندێك لە تێکستی گۆرانی، شیعر نییە بۆ نموونە حەیران، بۆیە بەڕای من تێکست( هەرچەندە وشەکە کوردی نییە) بەڵام لە هەموو وشەیەك زیاتر دەگونجێت بۆ ئەو مەبەستە، با لە بابەتەکە لانەدەم، گەر تۆ جارێك دەستت بە گۆرانیەك نەکردووەو تێکستی(شیرین هەلامە) هەڵبژێریت بۆ گۆرانیەکەت، ئەوا لە هەڵبژاردنی تێکستدا سەرکەوتوو نەبووی بەڕای من. چونکە کاتی ئەو تێکستانە بەسەرچوون. ئینجا کە باسی تێکست دەکەین دەبێت بەچەندەها بەشەوە کە پەیوەندی بەوێژەو ئەدەبیاتی کوردیمانەوە هەیەو ئەویش کاری من نییە. کە دێیتە سەر ئاواز بێگومان دەبێت گۆرانیبێژ بزانێت ئەو ئاوازە چەند لەگەڵ دەنگی ئەودا دەگونجێت و لەسەرچی مقامێك داڕێژراوە و چەند دەتوانێت تەکنیکی گەروی خۆی و شارەزایی خۆی لەو گۆرانییەدا بەکاربێنێت.

میوزیك، کە بەڕێزت ئاماژەت پێنەکردووە بەشێکی گرنگی گۆرانییە، زۆرجار من گوێ لە گۆرانییەك رادەگرم لەبەرئەوەی میوزیکەکەی جوانە، دەنگی گۆرانی بێژەکەم زۆر بەدڵ نییە، هەندێك بەرهەم زیاتر لە 30 میوزیکژەن کاریان تیا کردووە، بەڵام بەداخەوە هونەرمەندانی کورد لەبەرنەبوونی دەرامەت و باری خراپی هونەر، زۆرجار هەر گوێت لە دەنگی کیبۆردێکی نابووتە لە گۆرانیەکەیدا. ئەوە چواریەکی چۆنایەتی گۆرانیەکە لەدەست دەدات.

هەر لەبەشی میوزیکدا دەبێت گرنگی بدرێت بە دابەشکردن وجۆری ستۆدیۆی دەنگ وزۆر شتی تر کە ئێستا باسکردنیان دەبێتە درێژدادڕی.

بێگومان دەنگێکی باشی شارەزا و بەهرەدار دەبێتە هۆی سەرکەوتنی گۆرانییەکە، زۆرجار لە دیمانەکانمدا دووبارەم کردۆتەوە کەلە پاڵ مندا زۆر سەربازی نەناسراو هەیە کەبەداخەوە کەس باسییان ناکات، وەك هونەرمەندان کاك بورهان موفتی و مامۆستا وریا ئەحمەد و فاروق باپیر و گۆران کامیل و ئیدریس بالەتایی و دارا مەحمود و شوان چاوشین و ئامانج کەمال و سامانی کوردستات تیڤی وشاهۆ تەیب و چوارچراو هونەرمەند زیاد ئەسعەد و ئاکۆ عەزیز و حەمە جاف و زۆر کەسی تریش کە ئێستا ناتوانم هەر هەموویان ناو بێنم، لەگەڵ داوای لێبوردنمدا.

**پ/ بۆچی ئافرەتانمان تا ئێستا گۆرانی پیاوانە دەڵێن؟ واتا گۆرانییەکانیان لەسەر پیاهەڵدانی ئافرەتە؟**

ئەوە دیارە کە زۆربەی شاعیرانی ئێمەی کورد پیاو بوونە و بۆ ئافرەت شیعریان نووسیوە، بۆیە ئەو تێکستانەی بۆ ژن دەست دەدەن زۆر کەمن، من تارادەیەکی زۆر خۆم پاراستووە لەو جۆرە تێکستانە.

**پ/ ئێستا خەریکی چیت و دوا بەرهەمی هونەریت چییە؟**

ئەم هاوینە لە شاری سلێمانی خۆشەویست دەبم بۆ چالاکی هونەری و کوردسات بانگهێشتمی کردووەتەوە بۆ ئەو شارە خۆشەویستەو لە ئێستاوە من خەریکی خۆ ئامادە کردنم بۆ ئەو پرۆگرامەو هیوادارم سەردانێکی سەرکەوتوو و بەپێز دەرچێت.

هەروەها CD بمبەخشە، دوا بەرهەمی هونەرمەند چۆپییەو بەم زووانە بڵاودەبێتەوە دوای دو ساڵ لە کارکردنێکی بێوچان، دوا بەرهەمی هونەرمەند چۆپی لە قۆناغی کۆتاییدایە و بەم زووانە گوێبیستی دەبن. ئەم بەرهەمە لە 12 گۆرانی پێکهاتووە بە سەرپەرشتی هونەرمەندی لێهاتوو گۆران کامیل لە سوید تۆمارکراوە.

(4) گۆرانیان ئاوازی هونەرمەند بورهان موفتییە،(2) گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەند زیاد ئەسعەدەو(2) گۆرانیان لە ئاوازی هونەرمەند ئیدریس بالەتاییە و گۆرانییەکی بە ئاوازێکی یۆنانییە کە بە چەندەها زمان وتراوەتەوە و (2) گۆرانی فۆلکلۆری پۆرت پۆری کرمانجی سەرووی تێدایە کەلە(5) گۆرانی پێك هاتووە.

تێکستی گۆرانیەکانیش هی ئەم بەرێزانەیە، فەرهاد شاکەلی، کەمال میراودەلی کردوویە بە کوردی، ئیحسان فەتاح ، ئیسماعیل خورماڵی، کەریم بەدەل بالەتایی، زیاد ئەسعەد، ڕەفیق سایێر و فۆلکلۆر،

**ئێمەش بەناوی ڕۆژنامەکەمانەوە هیوای سەرکەوتن بۆ چۆپی خان دەخوازین.**